مەولودنامەی پێغەمبەر ﷺ

نوسینی
مەلا محەمەدەمین رواندزی



16540

Preview sample - page 1 of 3 - Soran University Academic Digital Library

بسم الله الرحمن الرحيم

ناوی کتێب: مەلونامەی پێغەمبەر (د.خ)
نووسینی : مەلا محەمەد ئەمین رواندزی
چاپی یەکەم: ٢٠١٣
تیراژ: (٢٠٠٠) دانە
دیزاین: ئاسۆ حسن و خەلیل هیدایەت
بەرگ: خەلیل هیدایەت مام شێخ
شوێنی چاپ: چاپخانەی رۆژهەلات/هەولێر
لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
ژمارەی سپاردنی (٢٨٥٦)ی ساڵی ٢٠١٣ی پێدراوە



Preview sample - page 2 of 3 - Soran University Academic Digital Library

پێشەکی

ئاشکرایە کە یەکەمین سەرچاوە و پەیڕەو و پڕۆگرامی ئایینی ئیسلامی پیرۆز کە (قورئان) ە، بە زمانی عەرەبی و لە نیمچەدورگەی عەرەبی بۆ پێغەمبەری مەزن (محمد) د.خ. هاتۆتە خوارەوە. هەرچەندە پەیرەوکارانی ئەو ئایینە لە سەرەتادا هەموو عەرەبی زمان بوون، بەڵام دوای ماوەیەک زۆر لە میللەتانی دیکەی ناوچەکە باوەڕیان هێنا و موسوڵمان بوون. بەڵام زمانی عەرەبی ئەوسا و ئێستاش وەکو سەرەکیترین زمانی ئایینەکە ماوەتەوە، بۆیە لە زۆر قۆناغدا و لە لای زانایانی ئسلامیی هەڵکەوتووی ناعەرەبیش، زمانی نوسین هەر عەرەبی بووە.

لە ناو کوردیشدا نمونەی زانای گەورە و بلیمەت هەن کە بە زمانی عەرەبی کتێبی زۆر نایاب و بەسودیان نوسیوە و خزمەتی ئەو ئایینە پیرۆزەیان پێ کردووە و تا ئەم چەند دەیەی دوایی سەرچاوە کوردییەکان دەربارەی ئیسلام زۆر کەم بوون.

ئەگەر نوسینی کتێبێکی ئایینی لە لای کەسێکی ناعەرەب (بە زمانی عەرەبی) ڕێزگرتن بووبێت لە زمانی قورئانی پیرۆز . بەڵام بە دیوێکی دیکەدا بێبەشبوونی سەدان هەزار موسوڵمانی ناعەرەب بووە کە لەو زمانە تێناگەن و حەز دەکەن بە زمانی دایکییان زانیاری زیاتر دەربارەی ئایینەکەیان بزانن. بۆیە هەر نوسینێک دەربارەی ئەم ئایینە پیرۆزە بە زمانی دایکی میللەتانی ناعەرەب، شێواز و ڕێگایەکی دیکەی کاریگەرە لە بانگخوازی و بڵاوکردنەوەی ئایینەکە. چونکە خوای گەورە لە قورئاندا لە چەندین شوێندا باسی لەوە کردوە کە ئەم ئایینە بۆ هەموو مرۆڤایەتی هاتۆتە خوار و پێغەمبەریش نێردراوی ئەوە بۆ لای هەموو بنیادەمێک. هەروەک دەفەرموێت: (و ما ارسلناک الا رحمة للعالمین). صدق الله العظیم.

Preview sample - page 3 of 3 - Soran University Academic Digital Library